# ڕاگەیاندنی دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی جەماوەری کەرکوك سەبارەت بە : گفتوگۆی نوێنەرانی دەستە لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی سوتەمەنی و کارەباو کارە خزمەتگوزاریەکان

ئەمڕۆ ڕێکەوتی 8/13 2006 وەفدێکی دەستە کەپێکهاتبو لە حەوت کەس کە بەڕێزان ڕەمەزان سابیر ، محەمەد عەزیز ، ئازاد مەجید ، موەفەق حوسێن ، ڕەمەزان سالح ، عەدنان مەجید و شێرزاد فیتەر لەگەڵ بەڕێز عەبدولرەحمان مستەفی پارێزگاری کەرکوك دانیشتن بۆ تاووتوێ کردنی کێشەی نەبوونی سووتەمەنیو کارەباو کارە خزمەتگوزاریەکان ، پاش قسەو باسێکی زۆر گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەئێمە لەو گەڕەکانەی کە نوێنەرایەتی ئەکەین یان ئیمکانی کۆنترۆڵکردنی هەیە لەلایەن ئێمەوە نوێنەری گەڕەکەکان پێك بهێنین و بەهاوکاری پۆلیس بەشێوەیەکی یەکسان پێویستیەکانی خەڵك لە سوتەمەنی دابەش بکەین . هەر بۆ ئەم مەبەستە بڕیار وایە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو لەگەڵ بەڕێوەبەری داهاتە نەوتیەکانی کەرکوك و بەڕێوەبەری غازی شیمال وەبە ئامادە بوونی پارێزگاری کەرکوك کۆببینەوەو بەشێوەی کۆتایی بەیانی ئەم ڕێککەوتنە بکەین . وەبەمەبەستی هاوکاری پۆلیس لەگەڵ ئێمەدا سبەینێ وەفدی دەستە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکوك لەگەڵ بەڕێز لیوا شێرکۆدا کۆئەبێتەوە .

شایانی باسە بەڕێزان لیوا شێرکۆ بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکوك و عەقید خەتاب بەڕێوەبەری گشتی تەواری کەرکوك ئامادەی دانشتنەکە بوون .

**دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی**

**جەماوەریشاری کەرکوك**

2006/8/13